# کەرکوك و دەستورو سازش وگەندەڵی و تێکەڵەیەك

(بەشی دووەم)

**هێمن رەئوف**

hemnrauf@hotmail.com

ئەگەر بە وردی بڕوانینە دەستورەکە ،دەبینین ئەوەی کە پارتی ویەکێتی داوای دەکەن بەشێوەیەکی گشتی وبەرچاو تێیدایە و دەبینرێ.

بەڵام ئایا ئە وەی ئەوان داوای دەکەن ،داواکاری خەڵکی کوردستانە ؟کەسمان ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بەرێکی و ڕەوانی بدەینەوە ،لەبەر ئەوەی ئەگەر بڵێین نەخێر ، ،ئەی باشە بۆچی لە هەڵبژاردنەکان و بانگەشە کانیاندا، پیر وپەککەوتەی سەر عارەبانەکانیش بۆیان ئامادەن وە هەر ڕێژەیەکیان بویت لە دەنگی خەڵک بە دەستی دەهێنن،خۆئەگەر بلێین بەڵێ، ، ٩٨%ی ئەو دەنگدەرانە داوای سەر بەخۆییان کرد ،کەچی لەو دەستورەدانەک هەرباسی سەربەخۆیی نەکراوە ،بگرە یاساغەو ناوهێنانیشی حەرامە، کە لەکاتێکدا کێشەی کورد لەدوای ڕوخانی سەددام،تەنها سەربەخۆیی و گێڕاندنەوەی ناوچە ئازاد نەکراوەکان بووبابزانین بۆچی ؟چونکە ئەو سیمبۆلە سەرەکییانەی کەچەسپاوە لە دەستورەکەدا فیدرالیی وزمانی کوردی وهێزی پێشمەرگەیە ،لەکەتێکدا ئەمانە پێش ( ١٣)ساڵ پەرلەمانی کوردستان چسپاندویەتی ،کە بڕواپێکراوترەلەلەیەن خەڵکەوە ،چونکە ئەوکاتە پەرلەمان بەرهەمی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی بەهاری( ١٩٩١ )بوو.

وە ((((( پێشمەرگە واتا کورد و کوردیش واتا پێشمەرگە))))) ئەگەر باوەڕیان بەمە نەهێنایە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی نێوخۆیی لەئارادابوو، ئەمەیش خزمەت بە سیاسەت وستراتیژیەت ی عەرەب ناکات، چونکەکوردخاوەنی ئەزمونێکی (١٣) ساڵییەو خاوەنی هێزن ، ئەوانیش شەڕی تیرۆر وکێشەی تایەفەگەری وبێ ئەزمونی و بێئیدارەیی گەمارۆی داون..

زمانی کوردیش ئەگەر داواشیان نەکردایە هەر دەبووە دووەمین زمانی فەرمی چونکە دەوڵەت دیموکراتیی وپەرلەمانییە مافی تاکەکان وکەمینەکان دەپارێزێت گەلی کوردیش لەعێراقدا دووەم نەتەوەیە لە ڕێژەی دانیشتواندا و (٧) میلیۆن کورد لەوبەشەی کوردستاندا دەژی..

کەواتە ئەوەی چارەنوسسازە جێگای خۆی نەکردۆتەوە لە دەستوردا،کەرکوکیش دواخراوە بۆ (٢) ساڵیتر،کە ئەم دواخستنە چەواشەکردنێکی ترە و ئەمجارەیش دەنگی خەڵکی پێ کۆدەکەنەوە ، وە هیچ خزمەتێکبە مەسەلەکە ناکات،،ئەمەیان بۆ؟چونکە دەبوایە کەرکوک پێش هەڵبژاردن ودەستور ئاسایی بکرایەتەوەو ڕاپرسی ئەنجام بدرایە، ئەوەیەدەبینین وانەبوو،،باشە بۆ ؟لە (٣)ساڵی دوای ئازادی وداگیرکردنی عێراق ئەنجام نەدرا،لە (٢) ساڵی تریشدا، هەر نابێت و ناکرێت،ئەم برگەیە هیچ زیاتر نیە لە وەی کە لە ( بەیانی ١١ ی ئازار) دا هاتبوو، ئەوکاتە ئاشبەتاڵ ونسکۆ ئەنجامیدواخستنەکە بوو، ئەی ئێستا چی دەبێت ؟ ئەمەشیان کەسمان نازانین.لەکاتێکدا هۆکارەکانی دواخستنو ئاسایی نەکردنەوە هیچ کێشێکی نیە وبێ بەڵگەو بێ قورسایین،دواخستنی کێشەی کەرکوک خزمەت بە مەسەلەکە ناکات ،بەڕاشکاوی دەڵێم ئەو گرژیو ئاڵۆزییەی لە عێراقدا هەیە لە قازانجی کورد دایە ، چونکە حکومەتی بەغدا لەبەر سەرقاڵی بە کێشەی تیرۆرو ویرانی ئەو ئیدارە بێبنەمایە،کاتی نیە بیر لە لەمەسەلەی کەرکوک وناوچەکانی تر بکاتەوە ،ئەی لەبیرتان چوماوەیەک لەمەوبەر بڕیاری گوێزانەوەی (٢٥٠٠)پۆلیسی خەڵکی ئەوشارە دەرکرا،پلەی ئەفسەرە کوردەکان ڕابگیرێت وبەرز نەکرێتەوە ،ئەی ئەمانە چی جیاوازییەکیان هەیە لەگەڵ تەعریب وتەرحیلەکەی سەددام

گرنگ نیە جێبەجێ نەکرا،ئەوانە دەم تاقی کردنەوەن و خوازبێنی کەرکوکمان لێدەکەن، ئێشتایش هەرکاتێ ئارامی بگەڕێتەوە بۆ ناوچەکە لەژێر سەرینی نوێنەرانی کورددا پلانی دوژمنانە بۆ ڕێگرتن لە داوا کارییەکانی خەڵکی کوردستان دەهۆننەوە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئێستا سوپای عێراقی تۆکمەو چالاک بوایەحکومەت کەرکوکی دەکردە سەربازگەیەکی گەورە و هەموو ڕێگایەکی لەبەردەم گەڕانەوەی کەرکوک بۆ ناو هەرێمی کوردستان دەگرت ،ئەمە ڕاستییەکە وباخۆمانی لێنەشارینەوە ، چی سەرکردەیەکی عەرەب بە فەرمی ونا فەرمی بەتەنهاو لەپاڵ حیزبەکەیدا ئەو مافەی داوە بەکورد، کە کەرکوک کوردستانە ؟ بێگومان هیچ کامیان نەک هەر دانی پیانانێن بەڵکو بیریشی لێ ناکەنەوە .

ئەی باشە ئەم هەموو دۆستایەتی و خزمایەتی یەی کە کورد بۆیان هەڵ دەڕێژێ بۆ ولەپای چی ؟ئایا سەرانی کورد بۆوادەکەن ؟ مەبەستیان چییە ؟ ئەی چی بکەن باشە ؟ لەمڕۆی کورستان دا چی سیاسەتێک گونجاوەو لە شوێنی خۆیەتی ؟ ئەی میللەت چی بکات پێش ڕاپرسی و دوای راپرسی دەستور ؟لە بەشی سێهەمدا وەڵامی ئەم پرسیارانە ئەدەمەوە.

---

تێبینی : ئەم نوسینانە ڕاو بۆچونی خۆمە وبەس، ،

هیوادارم وەکو کوردێکی دڵسۆز بە کێشە بنەڕەتییەکانی کورد ، بڕواننە نوسینەکانم ،کە پێکهاتەی هەمووهەستە نەتەوایەتییەکانی ناو جەستەی تینوومە بە وڵاتی کوردستان ،